## له كوردستان يادی دامەزراندنی دادگایی تاوانی نێودەوڵەتی ICC کرایەوەو داوا کرا عێراق ببێتە ئەندامی ئەو دادگایە و تاوانبارە کوردەکانی ئەنفال دادگایی بکرێن




ئەمساڵیش ١٧-٧-٢٠٢٦ وەك ساڵانی رابردوو, لە یادی ٢٤ ساڵەی دەست بەکاربوونی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا ICC کۆمەڵێك چالاکی جۆراو جۆرمان ئەنجامدا لە شارەکانی هەڵەبجە, چەمچەماڵ , کەرکووك, هەولێر, سلێمانی و رزگاری و ... .

لە چالاکییەکاندا بەیاننامەی تۆڕی KONCICC خوێنرایەوە , سەردانی نووسینگەی پەرلەمانی عێراق کرا, داواکاری بە ئەندام بووونی عێراق لەو دادگایە کرا.

هەروەها پشتگیری لەو هەڵمەتە جیهانییە کرا بۆ بەخشینی نۆبڵی ئاشتی بە ICC کرا, کە ئێستا لە بەردەم هەڕەشەی تووندایە.

ئەم دادگایە تاکە زەمانەتە بۆ رێگری لە جینۆسایدیدکردنی گەلەکەمان لە ئایندە, لە کۆی چالاکییەکاندا سوپاسی ICC و OPCW کرا, تایبەت بەو هەموو خزمەتەی پێشکەش مرۆڤایەتیان کرد لە بەرەو رووبونەوەی چەکی کیمیای و جینۆساید, کە ئێمەی خەڵکی کوردستان قوربانی یەکەمی ئەو تاوانەین لە جیهاندا.

لە یادی ٢٨ ساڵەی رۆژی دادپەروەری تاوانکاری جیهانیدا

یاداوەری, راستی, دادپەروەری

پەیماننامەی رۆما کە ٢٧ ساڵ لەمەوپێش و لە ١٧-٧-١٩٩٨ بریاری لەسەر دراوە, تا ئێستا چەندین جار هەموارکراوەتەوە و ٢٤ساڵ لەمەوپێش و لە یەکی یۆلی ٢٠٠٢ ەوە دەستی بەکار کردووەو ١٢٤ دەوڵەت پەسندی پەیمانامەکە و دادگاکەیان کردووەو هەنووکە ئەندامن تیایدا.

عێراق له ڕێکەوتی ١٥-٢-٢٠٠٥ بەو ڕێککەوتنەوە پەیوەست بووە، بەڵام بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەك دوای دوو هەفتە پاشەکشەی لێکردووە.

٢٤ ساڵە ئەم دادگایە بەهەموو کەموکوڕیەکان و ئەو رەخنانەی لێی گرتراوە بۆتە بەربەستێك تا رادەیەك هەستپێکراو لەبەردەم ئەنجامدانی تاوانە زەقەکان و تا رادەیەك کەمکردنەوەیان, لەم پێناوەدا ئێمە زیاتر لە ٢١ ساڵە بێ پسانەوە کار بۆ بە ئەندام بوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی دەکەین.

لە یادی ٢٨ ساڵەی بڕیاری پێکهێنانی دادگاکەو ٢٤ ساڵەی دەست بەکار بوونی و رۆژی دادپەروەری تاوانکاری جیهانی, وەك گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە, لە هەموو گەلانی دیکە زیاتر پێویستمان بە دادگایەکی جیهانی وا هەیە بۆ ئەوەی رێگری بکات لە تراژیدییەکانی رابردوو و هەڕەشەی دوژمنکارانەی دەرەکی, بۆیە داواکارین:

- عێراق پەیماننامەی رۆما واژۆ بکات و بە زووترین کات پەیوەست بوونی خۆی بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی رابگەیەنێت, بۆ ئەوەی دڵنەواییمان

بداتێ عێراقی ئەمڕۆ و ئایندە جیایە لە عێراقی تاوان و جینۆسایدی پێشوو, بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەرلەمانی عێراق بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت و فشار بکات بۆ ئەندامبوونی عێراق لەم دادگایە.

- حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥٨ تۆمەتباری ئەنفال دادگایی بکرێن, ئەوانەشی ناویان لە لیستەکەدا نییە و بەشداری تاوانیان کردووە زیاد بکرێن.

- حکومەتی عێراقی هەموو ئەوانەی وەك تۆمەتبار ناویان لە کەیسەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و عێراق هاتووە دادگایی بکات, لیستەکانیان ڕێك بخاتەوە بەناوی چواری و ناوی دایك و بیداتە پۆلیسی ئەنتەرپول.

- حکومەتی عێراقی قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی ڕژێمی پێشوو بکاتەوە بێ جیاوازی, لە داوای لێبوردن کردن لێیان و قەرەبووی مادی بێجیاوازی.

- حکومەتی عێراق پێشوازی لە هیچ کەسێك نەکات لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە داواکراو بێت, یان گومان لێکراوبێت بەو تاوانانەی لە تایبەتمەندی دادگای ناوبراوە.

- پەلە بکرێت لە هێنانەوەی روفاتی قوربانیانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و پشکنینیان بۆ بکرێت بۆ ناسینەوەیان, بۆ ئەم مەبەستە پەلە بکرێت لە هێنانەوە روفاتەکانی پزیشکی دادوەری .

- دادگاییکردنی حەجاج هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیان, دەبێت ببێتە دەستپێکی دادگاییکردنی سەرجەم تۆمەتبارانی تاوانبارانی پرۆسەی ئەنفال و کەیسەکانی دی بێجیاوازی.

تۆڕی هاوپەیمانی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی

Kurdish organizations Network coalition for the International Criminal court (KONCICC)

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠٢٠٢٦-٧-١٧